## پیرۆز بێت یەکی ئایار      جەژنی هاوپشتی چینی کرێکار

## کەرکوك لەپێشوازی یەکی ئایاردا

لەسەرو بەندی  پێشوازی لەیەکی ئایاردا کۆمیتەی کەرکوکی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق  بۆبەرز ڕاگرتنی ئەم یادە کرێکاریە هەستا بەئەنجام دانی چەند چالاکیەك  کە بەم جۆرە بوو
سەرەتا بەهەڵواسینی دەیان لافیتەو بەرز کردنەوەی شیعاری شیعاری دژ بە شەڕی تایفی و گەندەڵی و چەندین شیعاری تایبەت بەشاری کەرکوك شاری ڕازاندەوە پاشان هەستا بەهەڵواسینی سەدان پۆستەر کە بۆ ئەم یادە ئامادە کرابو ، دوابەدوای ئەمانە وە لەڕۆژی 2007/4/29 ئاهەنگێکی گۆرانی و هەڵپەڕکێ ی لەگەڕەکی شۆرجە سازدا بەبەشداری تیپێکی مۆسیقا ، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئاهەنگەکەدا هاوڕێ ئازاد مەجید ئندامی کۆمیتەی کەرکوك و بەرپرسی بەڕێوەبردنی مەراسیمی یەکی ئایار بەدەنگە زوڵاڵ و پڕلە سەداکەی و بەوتنەوەی شیعارە ئایاریەکان  شوێنی ئاهەنگەکەی هێنایە جۆش و جەماوەرەکەی بەرەو لای ئاهەنگەکە جۆشدا پاش ئەوەی جەماوەرێکی فراوان لە شوێنی ئاهەنگەکە کۆبوەوە و دەستیان کرد بەشایی و هەڵپەڕکێ وە ئەو هوتافە کرێکاریانەی کە لەلایەن هاوڕێ ئازاد مەجیدەوە ئەوترا ئەوەندەی تر ئاهەنگەکەی ڕازاوەترو قەشەنگ تر کرد ، شایانی باسە لەکاتی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکەدا شیرنی بەسەر جەماوەری ئامادە بوودا دابەش کرا .
وە هەر لەدرێژەی چالاکیەکانی یەکی ئایاردا کۆمیتەی کەرکوك هەستا بەسازدانی مەراسیمێك لەڕۆژی یەکی ئایارداو لەباخچەی ئەفراح  کە بەرنامەکانی بەم جۆرە بوو
سەرەتا مەراسیم بەسروودی ئەتەرناسیونال دەستی پێکردو پاشان وتاری حزب لەلایەن هاوڕێ ڕەمەزان سابیر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی کەرکوکەوە پێشکەش کرا کەتیایدا هاوڕێ ڕەمەزان وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم کرێکانی جیهان بەگشتی و کرێکارانی عێراق بەتایبەتی هاوکات باسی لەوەزعی مەینەتباری خەڵکی عێراق بەگشتی و کرێکاران بەتایبەتی لەم چوارساڵەی پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو  هاوپەیمانەکانیەوە کردو پاشان باسی لە وەزعی شاری کەرکوك و بەنبەست گەیشتنی ڕێگەچارەی ئەمریکاو دەسەڵاتدارانی عێراقی کردو وە تەئکیدی لەوەکردەوە کە کەرکوك شاری هەموو دانیشتوانەکەیەتی بەبێ جیاوازی وەپێی لەسەرئەوەداگرت کە بۆپێش گرتن لەئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی قەومی  تەنها ڕێگەچارە یەکریزی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم شارەیە وە لەکۆتایی قسەکانیدا تەئکیدی لەسەر ئەوەکرد کە حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق خەبات ئەکا بۆ کۆتایی هێنان بە هەر چەشنە هەڵاواردنێکی تایفی و قەومی ودەستەبەر کردنی ئەمنیەت و ئاسایش بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئەم شارە ، پاشان بەیانی حزب بەزمانی عەرەبی لەلایەن هاوڕێ سەدر نوری ئەندامی کۆمیتەی کەرکوکەوە خوێندرایەوە

دوابەدوای ئەوە پارچە شیعرێکی عەرەبی لەلایەن هاوڕێ سەعد کادری حزبەوە پێشکەش کرا ، دوابەدوای ئەمەش پارچە پەخشانێك کەتایبەت بووبە کوشتنی وەحشیانەی ( دوعا ) ئەو کچە تەمەن 17 ساڵە یەزیدیەی کە لە بەعشیقەی لای موسڵ بەتاوانی خۆشەویستی بەرد باران کرا ،هاوکات چەندین بروسکەی پیرۆز بایی لە لایەن لاوان و ناوەندە کرێکاریەکان و جەماوەری گەڕەکانەوە بەم بۆنەیەوە پێشکەشکرا ، ئەمانەو هاوڕێ ئازاد مەجید بەچەندین هوتاف و هۆنراوەی کرێکاری ئاهەنگەکەی ڕازاندەوە ، بەشی دوەمی بەرنامەی مەراسیم بریتی بو لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ ، شایانی باسە هونەرمەندی ناسراوی گەڕەکی شۆرجە کاك داوود بەچەندین گۆرانی ئاهەنگەکەی شۆرجەو مەراسیمەکەی ڕازاندەوە، دواتر مەراسیمەکە لەنێو شۆڕو شەوقی جەماوەری ئامادە بوودا کۆتایی پێهات .

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق**

**کۆمیتەی کەرکوك**

**2007/5/1**